# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٧٦) لە ٢٠٢٠/١٠/٧

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (٩) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤١) لە ٢٠٢٠/١٠/٧، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئەندامێتی نوێنەرانی (دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ ، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان) کە پلەیان لە (بەڕێوەبەری گشتی) کەمتر نەبێت بە ئامادەبوونی نوێنەرێک لە (داواکاری گشتی) بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی ماددەی (٩)ی ئاماژەپێدراوی سەرەوە تایبەت بە ڕێکارەکانی دیاریکردنی ئەو کەسانەی کە پێش ڕێکەوتی (١٩٩١/٣/٥) پێشمەرگە بوون لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەو پێناسەیەی کە لە (ماددەی یەکەم/ دووەم) لە یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧دا هاتووە کە هەر کەسێک دەگرێتەوە چووبێتە ڕیزی شۆڕشەوە و لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا بە شێوازی سیاسی و سەربازی تێکۆشابێت.

**دووەم:** ئەوانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوەدا ئاماژەیان پێدراوە بەم شێوەیەی خوارەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت دوای دڵنیابوون لە هەبوونی مەرج و پێداویستییەکان و وردبینیکردن و پاککردنەوەی لیستی ناوی ئەو پێشمەرگانە لە ناوی کەسانی ناشایستە:

١. جیاکردنەوەی لیستی ناوی ئەوانەی کە بە شێوەیەکی کردارەکی پۆستەکانیان بینیوە و بە هەمان پلەکانی پۆستەکانیان خانەنشین کراون، بە شێوەی ئاسایی مووچەی خانەنشینی شایستەی پۆستەکانیان پێ بدرێت بەپێی یاسا بەرکارەکان.
٢. جیاکردنەوەی لیستی ناوی ئەوانەی کە بە شێوەیەکی کردارەکی پۆستەکانیان بینیوە بەڵام بە پۆستی بەرزتر خانەنشین کراون، و ڕاستکردنەوەی پلەی خانەنشینییان بۆ ئەو پلانەی کە بە کردارەکی پۆستەکانیان لێ بینیوە.
٣. جیاکردنەوەی لیستی ناوی ئەوانەی کە بە شێوەیەکی کردارەکی پۆستەکانیان نەبینیوە و هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینکردنیان لەو پۆستانە، و لەبری ئەوە دوای یەکلاییکردنەوەی شایستەبوونیان

ئیمتیازێکی دارایی شایستەیان بۆ دابین بکرێت لەبەر ڕۆشنایی مەرجەکانی هاتوو لە یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ (یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە (زێرەڤانی) هەرێمی کوردستان-عێراق)، یان یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ (یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە (زێرەڤانی) هەرێمی کوردستان-عێراق)، یان یاسای ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧( یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە (زێرەڤانی) هەرێمی کوردستان-عێراق) بەپێی تایبەتمەندێتی.

**سێیەم:** دەرئەنجامی ئەم بڕیارە لە ڕووی شایستەبوونی دارایی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/١)ەوە هەژمار دەکرێت.

**چوارەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە ڕێنمایی دارایی پێویست بۆ مەبەستەکانی هاتوو لەم بڕیارە دەردەکات.

**پێنجەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران